# کێشەی حەمید و کۆڕش لە سەر چییە؟.

عەلی مەحمود محەمەد

ئەگەر چەند ڕۆژێك لە مەوپێش بە ئەندامێكی كۆمۆنیزمی كرێكاریت بوتایە پارتەكەت دووبەرەكی تێدایە دەستی بڕۆیشتایە توندترین سزاتی دەدا , هەر هیچ نەبوایە بە كرێگرتەی ناسیۆنالیست و پیاو سالارەكان و خێڵی دووی خوردادەكان تاوانبار دەكرایت , ئەو ووشەو دەستەواژانەی كە ئەمڕۆ یەكتری پێ تاوانبارە كەن گەردەلولی ڕوی لە تۆ دەكرد و دەتی برد بە ئاسمانا . ئەگەر بتوتایە لە دەسەلاتەوە دوورن ئەوا فتواباران دەكرایت بە ڕاست ڕەوو باڵی سازشكار و .... .

ئەوان بۆ خۆیان هەر باڵێكییان كۆمەڵێك بەهانەو بەڵگە بۆ ڕەوایی خۆیان دەهێننەوە , هەموو كات باڵی پارتی ڕەسەن بریندارە, حیزبی كەرت كراو توندە بەرامبەر بە كەرت بوو . پارتی ڕەسەن كەرتە كرێت و بچوك دەكرێتەوە , بۆیە ئاساییە لەم كەرت بونەدا باڵی كۆڕش پارێزگار بن و باڵی حەمید هێرش بەر , ئەمەش كاتییە و دوای نەفەس دان هێرش دەست پێدەكات , بە بچوكترین كلپە شەڕی ئایدلۆژی ئاگری دەچێت بە ئاسمانا.

بە بڕوای من كێشەكە لە نەبوونی ئازادی بیرو ڕا , كۆنترۆل كردنی ڕاگەیاندنی پارت لە لایەن سەرۆكەوەو ڕێگە نەدان بە فراكسیۆنی نەیار لە دەربڕینی بۆچونەكانی هۆی سەرەكی ئەم كەرت بوونەیە .ئەگەر ئەندامانی دەفتەری سیاسی و كۆمیتەی ناوەندی بە دەست نەبوونی ئازادییەوە بناڵێنن و بە ناچاری پارت بەجێ بهێڵن , ئەندامێكی بزێوی بنكە چی بكات و قوڕی كوێ لەسەر نێت؟.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

له ناو حككا ڕاگەیاندن بە تەواوی کۆنترۆل کراوە, باڵی نەیار ناتوانێت بیرو ڕاکانی بگەیەنێت بە بنکەی حیزب , ئەو ڕگەیاندنە بە دەست کام باڵییەوە بێت بەو شێوەیە مامەڵەی لە گەڵدا دەکات , حککع هەمان هەڵوێستی لە گەڵ نەیارانی خۆیدا هەبووە لە ڕابردودا کە ئێستا لایەنگری لە کۆڕشی مەزڵوم دەکات. بۆیە تا ئازادی لە ناو ڕیزەکانی پارتدا نەبێت لەبچوکترین قەیراندا کەرت بوون وەلامدانەوەی باڵی ناڕازییە .

کاتی خۆی بە هەمان شێوە حککا دروستکرا , بە دەرچونە دەرەوەی کۆمەڵێك لە ڕیزی حکا , ئێستا هەمان مۆدێل دوبارە کرایەوە , بەلام کۆڕش لە بیری چووە مێژوو دوبارە نابێتەوە, ئەگەر دوبارەش کرایەوە ئەوە نەك بە شێوەی تراژیدی بەڵکە دەبێتە کۆمیدییەکی گاڵتەجاڕ .ئەم فلیمەی ئەم جارەی کۆڕشستەکان لە گاڵتەجاڕیی بەو لاوە نییە . حەمیدی تەقوایی بەوە سەرکەوتووە –

–ئازەری ماجدی لە گەڵدایە, هەموو شەرعییەتێکی حیکمەتی بوون لە گیرفانی بەرگی بوکێنییەکەیدایە.

–ناوی پارتەکە.

–کۆنە هاوڕییێانی سەهەند.

–هەموو ئەندامە نا کوردەکان.

ئەگەر بە ڕاستی حککا ئەوەندە بەهێز بووە پێش کەرت بوون لە دەرگای دەسەلاتی داوە بە بڕوای من خەونیش نییە , ئەوا بە کەرت بوون و دەرچونی ئەندامە کوردەکانی یەك شەوەو مەریوان زەڕەیەك لە هاوکێشەکە ناگۆڕێت , چونکە کێشەی دەسەلات تارانییەکان دیاری دەکەن نەك سنەییەکان .تەقواییەکان و ماجدییەکان و جەوادییەکان دیاری دەکەن نەك دارابییەکان و مودەرسییەکان .ئەوەی لەدەست حەمید چوو تەنها ئابونەی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

مانگانەکەیان بوو . بەڵام ئەمە نە یەکەم و نە دووەم و ....کەرت بوونە .
بەڵکە سەرەتای قەیرانێکە بەردەوامی دەبێت لەگەڵ درێژەی تەمەنی دیکتاتۆریەتدا لە ڕیزی ئەم پارتەدا . بە بێ بوونی ئازادی لە ڕیزی هەر پارتێکدا کەرت بوون دیاردەی ڕۆژانەیە. سەرچاوەی کەرت بوونی چەپی ئێرانی هەر ئەو شێوە ستالینییەی ڕێخستنە پەیرەوی دەکەن .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com